## یاسین حەسەن

بەرپرسی پێشوی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامی

# "ئەو بەڵگانەی کە کۆمەڵی ئیسلامی خۆی پێ جیاکردەوە هەر ئەو بەڵگانەبوون کە جوندلئیسلام خۆی پێ راگەیاند"

راپۆرتی سالار مەحمود

● باڵی چەکداریی رەوتی ئیسلامی سیاسیی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سەریهەڵداو لە نەوەدەکان گەشەیکردو لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا لەبەریەك هەڵوەشایەوە، ئەم باڵە سەرەڕای بوونی چەندین کێشەی دەرەکی، لە ناوخۆی خۆشیدا مۆرانە لێیداو بەرگەی زەمەنی نەگرتو پەرتەوازە بوو، بەجۆرێك ئێستا لە کوردستاندا شوێنەواری ئەو باڵە چەکدارییە تەنها لە کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدەدا دەبینرێت، ئێستاش کە بە مێژووی ئەو باڵە چەکدارییەدا دەچیتەوە، هەریەك لە کەسە جیاجیاکانی ناو ئەو باڵە چەکدارییە یەکتری بە پیلانگێڕو هۆکاری سەرەکی ئەو پەرتبوونە دادەنێن.

ئیکرام کەریم- ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی هەڵوەشاوە، سەبارەت بە ناکۆکیو کێشەکانی رەوتی ئیسلامی لە کۆتایی هەشتاکاندا دەڵێت "راپەڕینی (١٩٨٧/٥/١٣) لە هەڵەبجە روویداو کۆچی گەورەی زانایانی ئەو ناوچەیە بە رێبەریی مامۆستا مەلا عوسمان دەستیپێکردو بزووتنەوەی ئیسلامی دەمەزراو رێکخستنی برایان تووشی قەیران بوو، قەیرانی شەرعیەتو قەیرانی لەتلەتبوون، دوای دروستبوونی بزوتنەوە، کاری ئیخوانیی بوو بە دوو باڵ: باڵی مامۆستا سدیقو باڵی مامۆستا سەلاح، باڵی مامۆستا سدیق لایەنگری کارە جیهادییەکەی بزوتنەوە بوو، مامۆستا سدیقو باڵەکەی سێ بیانوویان بۆ ئەم لایەنگیرییە هەبوو، یەکەم: سەردانو کادیرانی برایان(ئیخوان) بەیعەتی مامۆستا مەلا عوسمانیان لە گەردندا بوو، دووەم: گۆڕەپانەکە بە پێداگیرییەوە داوای خەباتی چەکداریی دەکردو بیانوو نەمابوو بۆ دانیشتن، سێیەم: گەر بزوتنەوە لەژێر چاودێرییو نەخشەی برایاندا هەنگاو هەڵگرێت، تووشی زیان دەبێتو کارەکە بە ئاقاری تردا دەڕوات، بەڵام مامۆستا سەلاحو باڵەکەی، هیچ جۆرە نرخێکیان بۆ ئەو بیانووانە دانەناو کاری ئیخوان کرمەکرمە بەرەو لێکترازان دەڕۆیشت".

ئیکرام کەریم سالانی (١٩٩١-١٩٩٣) بە



ئیکرام کەریم

ئەندامی (م.س) بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هەڵوەشاوە

قۆناغی پووکانەوەی بیری ئیخوان ناودەبات‌و دەڵێت "بە بڕوای من لەم ساڵانەدا کاری ئیخوانی لە رووی (کار)و (بیر)و (ئەدەبیات)ەوە، تووشی مردن‌و پووکانەوە بوو، بەتایبەت ئەوکاتەی کە هەردوو باڵەکەی ئیخوان، بزووتنەوەی راپەڕین‌و یەکگرتووی ئیسلامییان راگەیاند".

یاسین حەسەن– بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامی، سەبارەت بە ستاف‌و باڵەکانی نێو بزوتنەوەی ئیسلامی، دەڵێت "لە ساڵی **١٩٩٣**وە هەستم بە بوونی ستاف‌و ستافکاری کردووە لەنێو بزوتنەوەداو لە ساڵی **١٩٩٤**دا بەتەواوی باڵ‌و ستافەکان ئاشکرابوون". یاسین حەسەن بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ سێ باڵ دابەشدەکات کە مامۆستایانی کۆچکردوو: مامۆستا عوسمان‌و مامۆستا عەلی برای، بە باڵێك‌و مامۆستا عەلی باپیر بە باڵێکی دیکەو هەریەکە لە مەلا عەبدولقادری برایەتی‌و مامۆستا کرێکاریش بە باڵێکی دیکە ناودەبات‌و هێزی دووی سۆرانیش لەسەر ئەو باڵانە حسابناکات‌و دەڵێت "ئەمان لەسەر کەس ماڵ نەبوون، هەرچەندە پێشتریش لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامیدا ناکۆکیی توند هەبووە، بەڵام بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی سلێمانی بزووتنەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لە کۆنگرەی (٩٧)ی بزووتنەوەدا ناکۆکییەکان قووڵدەبنەوە، راستییەك هەیە کە دەمەوێت بیڵێم: لە کۆنگرەی (٩٧)ی بزوتنەوەی ئیسلامیدا لە باڵی مامۆستا عەلی باپیر هەشت کەس دەرچوون بۆ سەرکردایەتی‌و بە خۆیەوە نۆ کەس، کاتێك دەنگدان لەنێو شورادا کرا بۆ مەکتەبی سیاسیی، باڵی مامۆستا مەلا عەلی، هەڵەبجە کەسیان دەنگیان نەدایە ئەندامانی باڵەکەی مامۆستا عەلی باپیر، بەڵام مامۆستا عەلی باپیر دەنگی دایە هەموو ئەوان، هەربۆیە مامۆستا عەلی باپیر زۆر بە نارەحەت دەرچوو بۆ مەکتەبی سیاسیی، بەڕاستی ئەوان ئینسافیان نەنواند، هەربۆیە ئەمە بەڵگەی دایە دەست خەڵکێکەوە کە تۆڵە بکەنەوەو لە راستیشدا تۆڵە کرایەوە. دروستبوونی بزوتنەووەی یەکبوون چەند هۆکارێکی هەبوو: هەردوو بزووتنەوەی ئیسلامی‌و بزووتنەوەی راپەڕین لە گەشە وەستابوون برایەك کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسییە" سەبارەت بە یەکبوونەکە وتی "بزوتنەوەی ئیسلامی کۆمەڵێك کێشەی هەبوو، بزوتنەوەی راپەڕینیش خەریك بوو لە ئەرزی دەدا، هەردووکیان بەرامبەر یەك وەستابوون بۆ ئەوەی کە کەوتن، بکەون بەسەر یەکداو نەکەونە سەر ئەرز، هەربۆیە بزوتنەوەی یەکبوون پرۆژەیەکی ناسروشتی بوو". ئەمە بڕوای یاسین حەسەن بوو سەبارەت بە پرۆژەی بزووتنەوەی یەکبوون، بەڵام ئیکرام کەریم دەڵێت "بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی بەتایبەت (سەرانی کارەکە) جۆرێك لە گرێی هەست بەگوناهکردنیان تێدابوو بەرامبەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی، لە ساڵی (١٩٩٢)شەوە چەند جارێك لە هەردوو لاوە هەوڵی پێکەوەژیان‌و یەکبەرەیی دەدرا، بەڵام ئەوە بوو چەند هەڵوێستێك دروستبوو کە وای لە هەردوولا کرد هەنگاوی ناسروشتی بۆ یەکبوون بنێن، بۆ نموونە: راپەڕینی ئیسلامی مەکتەبی عەسکەری دامەزراند، بزوتنەوە بەمە قەڵس بوو، ناوچەی خورماڵی راپەڕینیان داگیرکردو هەڕەشەی گرتنی بنکەکانی تریشیان کرد، لەو دانیشتنەدا کە بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە دەکرا، هەندێك لە برایانی بزووتنەوە دەیانوت یەکبوون، یان بە (ئارەزوو) یان بە (زۆر) دەکرێت. یەکبوون روویدا، بەڵام بە ناسروشتی".

پرۆژەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هێندەی نەخایاندو بەزوویی لەبەریەك هەڵوەشایەوەو بوویە چەند پارچەیەك‌و زۆربەی ئەندامانی هەردوو حیزب لە بزوتنەوەی راپەڕین‌و بزووتنەوەی ئیسلامی چوونە لای مامۆستا عەلی باپیرو کۆمەڵی ئیسلامی‌و زۆرێك لە چاودێرانیش پێیانوایە کە پرۆژەی بزووتنەوەی یەکبوون، کودەتایەك بووە لە دژی مامۆستا عەلی–ی هەڵەبجە. لە باسی هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی یەکبووندا، یاسین حەسەن دەڵێت "غەیبەت‌و قسە هێنان‌و بردن لە ناو بزووتنەوەی یەکبووندا تەواو گەشەیکردبوو، ئەو کەسەی داوایدەکرد غەیبەت مەکەن، خۆی لە هەموو کەس خراپتر بوو، لە راستیدا



یاسین حەسەن
بەرپرسی پێشوی مەڵبەندی بزوتنەوەی

ماموستا عەلی باپیر هەقێکی پێبوو، بەڵام دەیتوانی حەکیمانەتر مامەڵەبکاتو چارەسەریبکات، برادەرانی ریفۆرمخواز؛ ئەوانەی لەگەڵ ماموستا عەلی باپیردا بوون، هاتنە پێشەوەو کێشەکان کۆتاییانپێهات، بەڵام ماموستا عەلی باپیرو هاوەڵەکانی دەیانوت: بۆچی ماموستا عەلی-ی هەڵەبجە، محەمەدی کوڕی دەکاتە سکرتێر".

سەبارەت بەوەش کە بۆچی زۆربەی ئەندامانی بزووتنەوەی راپەڕین لە کاتی جیابوونەوەکەدا چوونە پاڵ ماموستا عەلی باپیر، لە کاتێکدا ماموستا سدیقی برای ماموستا عەلی-ی هەڵەبجە رابەریان بوو، ماموستا یاسین حەسەن دەڵێت "ئەگەر هۆکاری ژێربەژێر هەبوبێت، من نازانم، ماموستا مەلا عەلی-ی هەڵەبجە هێندە غەیبەت کرابوو، هەر کەسێك مامەڵەی لەگەڵدا بکردایە، ناشیرین دەبوو، دەتوانین بڵێین چۆن ماموستا عەلی باپیرو هاوڕێکانی ناڕازیی بوون لە مامەڵەی ماموستا عەلی-ی هەڵەبجە، ئاواش کاك ئارام قادرو ئەوان، کاتی خۆی لە راپەڕیندا لە ماموستا سدیق ناڕازیی بوون، رەنگە هەردوولاش کۆك بووبن لەسەر گۆڕانکاریی، بزووتنەوەی راپەڕین، ئەزمەی قیادەیان هەبوو، یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی یەکبوون، خۆڕزگارکردن بوو لەو قەیرانە، دواتریش دەرکەوتو برادەرانی راپەڕین کەسیان لەگەڵ ماموستا سدیقدا نەمانەوە".

سەبارەت بە رۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، لەناو کۆنگرەی بزووتنەوەی یەکبوونو هەڵوێستی لەسەر دەرەنجامەکانی کۆنگرەو هەڵوەشاندنەوەی یەکبوون، بەرپرسی پێشووی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامی دەڵێت "بەئاگا نیم کە رۆڵی لەناو کۆنگرەدا چۆن بوو، بەڵام بەر لەوە رۆڵی هەبوو کە باڵی هەردوو ماموستا عەلی پێکەوە کۆکردەوە بۆ ئەوەی ماموستا عەلی-ی هەڵەبجە ببێتەوە بە رابەر سەبارەت بە دەرەنجامی کۆنگرەو هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی یەکبوون، وادەزانم کە بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی تۆڵەی لێکرایەوە کە لە یەکبوونەکەدا پرسی بە ئێران نەکرد، لە ناوخۆی کوردستانو لەنێو بزووتنەوەی یەکبوونو لە ئاستی هەرێمیشدا، دەستێکی بەهێز هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکبوون. دەوڵەتێکی ئیقلیمی دەیوت: با ئەو لەو پۆستەدا بێتو ئەوی تر لەو جێگەیەدابێت".

هەر دەربارەی هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی یەکبوون، ماموستا ئیکرام کەریم-ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزوتنەوەی یەکبوونی هەڵوەشاوە دەڵێت "راستت دەوێت هۆکارە ناوخۆییەکان رۆڵی گەورەیان بینی لە لەتبوونی یەکبووندا، چونکی رەشەبا چەند توندبێت، ئەگەر درەخت خۆی کرمۆڵ نەبێت، زوو ناکەوێت، یەکبوون مایەی نیگەرانییش بوو بۆ هەندێك کەس، ئەوەی بەرژەوەندیی لە یەکبووندا نەبووو نەدەبینی، دەستیکردە کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی لە کتێبی (سنورە قەدەغەکان مەشکێنن)دا کە دەمەتەقێیەکی رۆژنامەوانی دکتۆر حسێن محەمەد عەزیز لەگەڵیدا". ماموستا عەلی باپیر دەڵێت ئێمە کارمانکردو هەوڵماندا بۆ ئەوەی جارێکی دی ماموستا عەلی لە هەڵەبجە نەبێتەوە رابەر، لەمبارەیەوە ماموستا ئیکرام دەڵێت "بڕواناکەم ماموستا عەلی باپیر وای وتبێت، یان وا بڵێت، لەبەرئەوە خۆی دەزانێت کە وانییە، چونکە پێش کۆنگرە، پرسی رابەریی ماموستا عەلی-ی هەڵەبجە تەواو ببوو، لە کۆنگرەشدا بە ئەمیرو رابەر ناودەبرا، ماموستا عەلی-ی هەڵەبجە بەبێ کێشەی شەخسی خۆی هاتە نێو کۆنگرەوە، لە کۆنگرەشدا باجی خۆی نەداوە، بەڵکو باجی خەڵکی تری داوە".

یاسین حەسەن-یش هەمان رای هەیەو دەڵێت "ماموستا مەلا عەلی هەڵەبجە لەناو دەنگداندا نەبوو، پێشتر بە بڕیاری هەموولا کرایەوە بە رابەر، بەڵام لە کۆنگرەدا لەلایەن ماموستا عەلی باپیرو بزووتنەوەی راپەڕینەوە خەڵکێکی زۆر کۆکرایەوە بۆ ئەوەی دەنگبدەن بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان مەبەستیانە". لەپاش راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی، چەندان بەڵگەی شەرعیان هێنایەوە بۆ جیابوونەوەکەیان سەبارەت بە بەڵگە شەرعییەکانیان، ئیکرام کەریم دەڵێت "هەر ئەو بەڵگانە بوونە بەڵگەی بە دەستی (جوندولئیسلام) بۆ ئەوەی خۆیان رابگەیەنن، ئەو بەڵگانە دەبێت ئێستاش هەر بەڵگەبن نەك مێژوو".

ئەو قەیرانو گرفتانەی کە روویکردبوویە بزووتنەوەی یەکبوونو ئەم حیزبەی هەڵوەشاندەوەو لەتوپەتیکرد، ئایا کۆمەڵی ئیسلامی هەڵگری هەمان قەیرانە، یاخود دەربازی بووە، یاخود قەیرانەکان لێرەش هەن، لەمبارەیەوە یاسین حەسەن دەڵێت "پێم وانییە کۆمەڵ دەربازی بووبێت، ئەگەر لە هەندێك قەیرانی بزووتنەوەی یەکبوون دەربازی بووبێت، دوورنییە هەندێك قەیرانی دیکەیان بۆ دروستبووبێت بەتایبەت بڵاوبوونەوەی هەنێك فایلو ناکۆکیی تاکەکەسیو جیاوازیی لە دیدو بۆچووندا سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا، رەنگە کۆمەڵێکیان حەز بەوە نەکەن کە خۆیان لە چەك دابماڵنو هەندێکیشیان دەڵێن لە نەرمی نواندندا چووینەتە ئەولای یەکگرتووەوە".

ئیکرام کەریم لەبارەی قەیرانەکانی نێو کۆمەڵی ئیسلامییەوە، دەڵێت "قەیرانەکانی بزووتنەوەی یەکبوون، قەیرانی خەتو باڵو قەیرانی سیاسییو ئابوریی بوو، ئاگادارم کە کۆمەڵ قەیرانی سیاسییو ئابووریی نییە، ئاگاشم لەوە نییە، کە تا چەند ئەوە راستە کە بەردەوام کۆمەڵ قەیرانی خەتو باڵیان هەیە".